بزووتنەوەی جیهادی ئیسلامی فەلەستین کۆژرانی دوو ئەندامی باڵای بزووتنەوەکەیلن ڕاگەیاند

بزووتنەوەی جیهادی ئیسلامی فەلەستین ئەمڕۆ شەممە کۆژرانی دوو ئەندامی باڵای ئەو بزووتنەوەیە لەگەڵ تاقمێک لە هێزەکانی لە ئەنجامی هێرشی ئاسمانی ئیسرائیل بۆ سەر دیمەشق-ی پایتەختی سووریا ڕاگەیاند.

بزووتنەوەی جیهادی ئیسلامی فەلەستین بە ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە تیایدا کۆژرانی دوو ئەندامی باڵای ئەو بزووتنەوەیە لەگەڵ تاقمێک لە هێزەکانی، لە ئەنجامی هێرشی ئاسمانی ئیسرائیل بۆ سەر دیمەشق ئاشکرا کرد، ئەمەش کە تێیدا "مەیادین"ی سەر بە بەرەی مقاومەی ئیسلامی دووپاتی کردەوە.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە: سەر لە بەیانی ئەوە تەرمی هەردوو فەرماندە شەهید عەبدولعەزیز سەعید میناوی ناسراو بە (ئەبوو سەعید) و قەسمی یوسف ئەبووعیسا ناسراو بە(ئەبوو عەسام) لەگەڵ تەرمی چەند ئەندامی دیکەی ئەم بزووتنەوەیە لەژێر داروپردەکان هێنرایە دەرەوە، دوای ئەوەی فڕۆکە جەنگیەکانی ئیسرائیل بۆردومانییان کرد.

جیهادی ئیسلامی فەلەستین لە ڕاگەیەندراوەکە جەختی لەوەش کرد کە هەمەتە ناجوامێر و جەنایەتکارانەکانی ئیسرائیل دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی وڕە و ئیرادەی ئەوان بۆ درێژدان بە بەرخۆدان تا تێکشکاندنی ئامانجەکانی دوژمن بە ئامانج بە ئیسرائیل.